حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق | بەناوی خودای گەورە | بابەت : زیندەزانی / کات : 3.5 کاتژمێر | پەنجەمۆر

لێژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان | **وەڵامی نموونەیی**

ئەزموونە گشتییەکانی پۆلی دوازدەیەمی زانستی | ساڵی خوێندنی 2021-2022 ( خولی یەکەم )

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە: ( بۆ هەر پرسیارێك دوونمرە )

1.جیاوازی نێوان ئێسکی پتەو و ئێسکی ئیسفەنجی ئەوەیە کە ئێسکی پتەو ؟

A-مۆخی زەردی ئێسکی تێدایە B-مۆخی سووری ئێسکی تێدایە **C-جۆگەی هاڤەرسی تێدایە** D-( C+A ) هەردووکیان ڕاستن

2.کام لەمانە دەربارەی دروستبوونی ئێسك هەڵەیە :-

A-ئێسکەخانەکان لە مانگی سێیەمەوە دەست بە دروستبوون دەکەن B-زۆربەی ئێسکەکان دروستبوونیان بە کرکراگە دەست پێدەکات

**C-لە کۆتایی کرداری دروستبوونی ئێسکدا ، هەموو کرکراگەی کۆرپەلەیی لە هەموو بەشەکانی لەشدا بە ئێسك دەگۆڕدرێتەوە**

D-هەندێك لە بەشەکانی کەللەی سەر ڕاستەوخۆ بە شێوەی ئێسکی ڕەق دروست دەبن

3.کام لەم جووتانەی دێن لە هەمان ئاستی ڕێکخستنی لەش نین؟

A- جگەر و پەنکریاس B-چەوریە خانە و ماسولکە ڕیشاڵ C-خوێن و ژێ **D-کرکراگە و پێست**

4.خانەکانی بنەچە و جێبەست پەیوەندی بە .............وە هەیە.

**A- پەیکەرە ماسولکە** B-لووسە ماسولکە C-دڵە ماسولکە D- پەیکەرە ماسولکە و دڵە ماسولکە

5.هێزی گرژبوونی ماسولکە بە ژمارەی ئەو .................دیاریدەکرێت کە ئاگادار دەکرێنەوە.

A-ماسولکە ڕیشالۆچکانە B-پارچە ماسولکانە **C-ماسولکە ڕیشاڵانە** D-دەزووە ئەستوورەکانی مایۆسین

6.کام لەم جومگانە لە تەوەرە پەیکەردا هەیە؟

A-جومگە جووڵە سنوردارەکان B-جومگە نەبزێوەکان C-جومگە بزێوەکان **D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن**

7.کام لەم زمانانەی خوارەوە ڕێگری لە خوێنی کەم ئۆکسجین دەکەن بە ئاراستەی هەڵەدا بگەڕێتەوە؟

A-زمانەی کەوانەیی ڕاست و زمانەی کەوانەیی چەپ B-زمانەی دوو پەڕەیی و زمانەی سێ پەڕەیی

**C-زمانەی کەوانەیی ڕاست و زمانەی سێ پەڕەیی** D-زمانەی کەوانەیی چەپ و زمانەی دوو پەڕەیی

8.ڕۆڵی پەڕەکانی خوێن لە کرداری خوێن مەییندا بریتییە لەوەی کە :-

A-تۆڕێك پێکدێنن کە خرۆکە سپییەکانی خوێن گل دەداتەوە

B-کەڵەکەدەبن و پێکەوەدەنوسێن و دەمەوانەیەکی بچوك دروست دەکەن لە شوێنی درانی لوولە خوێنەکە

C-ئەنزیمەکان دەردەدەن کە کۆمەڵە کارلێکە کیمیاییە دوابەدواکانی کرداری مەیین وریادەکەنەوە **D-( C+B ) هەردووکیان ڕاستن**

9.کام لەمانە لە پێکهاتەی خوێنهێنەرەکان و خوێنبەرەکاندا هەن؟


A-خانەکانی لووسە ماسولکە B-خانەکانی رووکەشە شانە C-بەستەرە شانە **D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن**

10.ئەگەر کۆمەڵەی خوێنی کەسێك لە پلازماکەیدا دژەتەن تەنها بۆ دژە پەیداکەری B هەبێت و توانای دروستکردنی دژە تەن بۆ دژە پەیداکەری Rh هەبێت، ئەوا ئەو کەسە دەتوانێت خوێن ببەخشێت بە کەسێك کە کۆمەڵەی خوێنەکەی.................بێت.

A- $B^-$ **B- $A^+$** C- $O^+$ D- $O^-$

11. شێوەکەی بەرامبەر ڕوونیدەکاتەوە دوو لوولەی خوێن لە مرۆڤدا 2,1 بەیەکدەگەن بە تۆپەڵێك

لە موولوولەی خوێن 3 ،کام لەمانە ئاراستەی گواستنەوەی خوێن بە تەواوی دەنوێنێت؟




A- 1 ← 2 ← 3

B- 2 ← 1 ← 3

C- 1 ← 3 ← 2

**D- 2 ← 3 ← 1**

12.پێست بەرگری هۆکارەکانی نەخۆشی دەکات لە ڕێگەی :-

A-بەرهەمهێنانی دژەتەنەکان B-بەکارهێنانی کیمیکە بەرگرییەکان C-کارکردن بە شێوەی بەربەست **D-( C +B ) هەردووکیان ڕاستن**

13.کام لەمانە دەربارەی جیانەبوونەوە بازدان ڕاستە؟

A-جۆرێکە لە پنتە بازدان B-ڕوودەدات چونکە کرۆمۆسۆمێکی دیاریکراو لە هاوتاکەی خۆی جیانابێتەوە لە کاتی دەزووە دابەشبووندا

C-ئەو جۆرە بازدانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسێکی دیاریکراو سێ کرۆمۆسۆمی 18وەربگرێت و دیاردەی داون پەیدا بکات

**D-لەم جۆرە بازدانەدا گەمیتەکان کرۆمۆسۆمێك زیاتر یان کرۆمۆسۆمێك کەمتر لە کرۆمۆسۆمە دیاریکراوەکان وەردەگرن**

14.هەموو ئەمانەی دێن دەربارەی لیمفەخانەی T ژەهراوی و لیمفەخانەی T یاریدەدەر ڕاستن جگە لەوەی هەردووکیان :-

A-لە مۆخی ئێسك پەیدا دەبن و لەثایموسە رژێن گەشەیان تەواودەکەن **B-ئینتەرلوکینی 2 دەردەدەن**

C-بەشدارن ( ڕۆڵیان هەیە ) لە وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی خانەیی. D-وەرگری پرۆتینی لەسەر ڕووەکەیان هەیە

15.گۆچکەکان کە چەژە گۆپکەکان لە نێوانیاندا هەن دەکەونە :-

A-سەر زمان  B-گەروو  C-بنمیچی دەم  D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

16.کام لەمانە روخسارە بابەتی مام ناوەندە لە نێوان دوو روخسارە بابەتەکەی باوان؟

A- گوڵی سوور لە ڕووەکی شەوبۆدا  B-قژی لوول لەلای قەفقاسیەکان  C-کلك کورت لە پشیلەدا  D-بێ کلك لە پشیلەدا


17.لە وەڵامدانەوە هەوکردنەکاندا ماددەی هیستامین:-

A-ورژمی خوێن بەرەو ناوچە تووشبووەکە زیاد دەکات  B-لیمفەخانەکان بۆ ناوچە تووشبووەکە کێش دەکات

C- مەیینی خوێن پێکدەهێنێت بۆ داخستنی لوولە خوێنە پچڕاوەکە.  D-( B +A ) هەردووکیان راستن

18.دژەتەنەکان گەردەکانیان لە شێوەی پیتی Y دان وەك لە شێوەی بەرامبەردا دیارە ،لەکام شوێنی

ئەم گەردە وەرگر هەیە کە لەوانەیە دژە پەیداکەرێکی دیاریکراوی پێوە ببەسترێت ؟




A- 2 , 1

B- 3 , 2

C- 3 , 1

D- 3 , 2 , 1

19.لیمفە خانەکانی B :

A-سایتوکینی یەکەم زۆربوونەکەی چالاك دەکات  B-زۆربەیان دەبنە بیرخەرەوەخانە

C-لە مۆخی ئێسك دا گەشەیان تەواو دەکەن  D-( C +B ) هەردووکیان راستن


20.کام لەم ڕووداوانە راستن کاتێك ڤایرۆسی HIV دەچێتە ناو خانەی هەڵلوشێنەرە گەورەکان؟

( 1-ڤایرۆسەکە دوو هێند دەبێت ، 2-ڤایرۆسەکە دووهێند نابێت ، 3- بازدانی زۆر لە ڤایرۆسەکەدا ڕوودەدات ، 4- بازدان لە ڤایرۆسەکەدا ڕوونادات ، 5- ڤایرۆسەکە خانەی هەڵلوشێنەرە گەورە دەکوژێت ، 6- ڤایرۆسەکە خانەی هەڵلوشێنەرە گەورە ناکوژێت

A- 5 ، 4 ، 1  B- 6 ، 3 ، 1  C- 6 ، 3 ، 2  D- 5 ، 4 ، 2

21.ئەو شێوەیەی بەرامبەر هەردوو نیوەگۆی راست وچە پی مێشکی کەسێکی ئاسایی ( چە پە نەبێت )

پیشاندەدات ،بە پشت بەستن بەم شێوەیە وەڵامی ڕاست لەو خشتەیەی خوارەوە هەڵبژێرە:-




| | ئەو ناوەندانەی کە دەست دەگرن بەسەر چارەسەرکردنی جێشوێن و تێگەیشتن لێی دەکەونە :- | ئەو ناوەندەی کۆنترۆڵی دووان دەکات لەو بەشەی مێشکدا هەیە کە ئاماژەی پێکراوە بەرەنوسی :-. |
|---|---|---|
| A | نیوە گۆی ڕاستی مێشکەوە | 2 |
| B | نیوە گۆی چە پی مێشکەوە | 2 |
| C | نیوە گۆی چە پی مێشکەوە | 1 |
| D | نیوە گۆی ڕاستی مێشکەوە | 1 |

22.ئەو کاتەی کۆکایین کاردەکاتە سەر کاری وەرگرەکانی دووبارەمژینەوە لە دەمارەخانەی پێش گەیێنکە :-

A-ئاگادارکردنەوەی دەمارەخانەی دوای گەیێنکە زیاد دەکات  B-ژمارەی وەرگرە پرۆتینەکان لە پەردەی خانەی پاش گەیێنکە زیاد دەکات


C-بڕی دەمارەگوێزەرەوە لە گەیێنکە قلیشدا کەم دەکات  D-ژمارەی وەرگرەکانی دووبارە لە پەردەی خانەی پێش گەیێنکە کەم دەکات

23.مێشکۆڵە بە ڕێککەوتن لەگەڵ ..................کاردەکات بۆ ڕێکخستنی پەیکەرە ماسولکەکان.

A-قەدی دەماخ و توێکڵی مێشك  B-قەدی دەماخ و نێوانە دەماخ

C-ناوەڕاستە دەماخ و نێوانە دەماخ  D-نێوانە دەماخ و توێکڵی مێشك

24.بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر وەڵامی راست لە خشتەی خوارەوە هەڵبژێرە:-




A-

| | جۆگەکانی ئایۆنی سۆدیۆم | جۆگەکانی ئایۆنی پۆتاسیۆم |
|---|---|---|
| لە و ماوەیەی کە بە ڕەنوسی 1 ئاماژەی پێکراوە | دادەخرێن | دەکرێنەوە |
| لە و ماوەیەی کە بە ڕەنوسی 2 ئاماژەی پێکراوە | داخراون | هەندێکیان دەکرێنەوە |

B-

| | جۆگەکانی ئایۆنی سۆدیۆم | جۆگەکانی ئایۆنی پۆتاسیۆم |
|---|---|---|
| لە و ماوەیەی کە بە ڕەنوسی 1 ئاماژەی پێکراوە | دادەخرێن | دەکرێنەوە |
| لە و ماوەیەی کە بە ڕەنوسی 2 ئاماژەی پێکراوە | کراوەن | هەموویان دادەخرێن |


C-

| | جۆگەکانی ئایۆنی سۆدیۆم | جۆگەکانی ئایۆنی پۆتاسیۆم |
|---|---|---|
| لە و ماوەیەی کە بە ڕەنوسی 1 ئاماژەی پێکراوە | دەکرێنەوە | دادەخرێن |
| لە و ماوەیەی کە بە ڕەنوسی 2 ئاماژەی پێکراوە | کراوەن | هەندێکیان دەکرێنەوە |

D-

| | جۆگەکانی ئایۆنی سۆدیۆم | جۆگەکانی ئایۆنی پۆتاسیۆم |
|---|---|---|
| لە و ماوەیەی کە بە ڕەنوسی 1 ئاماژەی پێکراوە | دەکرێنەوە | دادەخرێن |
| لە و ماوەیەی کە بە ڕەنوسی 2 ئاماژەی پێکراوە | داخراون | هەموویان دەکرێنەوە |

25.هەموو ئەمانە پێویستن بۆ میکانیزمی کارکردنی زۆربەی هۆرمۆنە پیپتیدییەکان جگە لەوەی:-
A-بگاتە خانەی ئامانجەکەی B-هۆرمۆنەکە بە پەردەی خانەدا تێپەڕێت
C-نامەکەی بە پەردەی خانەدا تێپەڕێت D-ببەسترێت بە وەرگری پرۆتینەوە
26.کام لەمانە وەکو هۆرمۆنەکان پۆلێن دەکرێن و فرمانی وەستاندنی گواستنەوەی راگەیاندنەکانی ئازارە بەرەو دەماخ؟
A-ئێنکیفالین B-ئەسیتامینۆفین C-ئەسپرین D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن
27.کام لەمانە بەشدارە لە بەرهەمهێنانی تۆواو؟
A-تۆواوە چیکڵدانەکان B-لوولەی گوێزەرەوە C-تۆوە بۆریچکە D-( C +A ) هەردووکیان راستن
28.ژێر مێشکە رژێن کاریگەری لەسەر هەموو ئەمانە هەیە لە رێگای دەردانی هۆرمۆنەکان جگە لە :-
A-دووبارە مژینەوەی ئاو لە گورچیلەکان B-دەردانی توخمە هۆرمۆنەکان لە لایەن رژێنەکانی زاوزێ
C-فراوانبوونی بۆریچکەکانی هەواو هەردوو بیلبیلەی چاو D-ورژمکردنی شیر لە مەمك لە کاتی شیر پێدان
29.کام لەمانە دەربارەی تەوەرەی دەمارەخانە راستە؟
A-تەوەرەی هەموو دەمارە خانەیەك بە بەرگی مایلینی دا پۆشراوە B-تەوەرەی هەموو دەمارە خانەیەك بە خانەی شوان دەورەدراوە
C-تەوەرەی ئەو دەمارە خانانەی کە لە دەماخ یان درکە پەتکدا نین بە خانەی شوان دەورەدراون
D-تەنها تەوەرەی ئەو دەمارە خانانەی کە لە دەماخ یان درکە پەتکدا نین بە بەرگی مایلینی دا پۆشراون
30.کام لەمانە دەربارەی رژێنەکانی پاراثایرۆید هەڵەیە؟
A-ژمارەیان چوار رژێنە دەچەقنە لای پشتەوەی ثایرۆیدە رژێن دوو لە هەر پلێکدان B-هەموویان هۆرمۆنی پاراثایرۆید دەردەدەن
C-ژمارەیان دوو رژێنە دەچەقنە لای پشتەوەی پایرۆیدە رژێن یەك لە هەر پلێکدا D-لە کوێرە رژێنەکانە
31.کام لەمانە بەشێکە لەو رێیازەی کە تۆوەکان دەیگرنە بەر لە کاتی دەرچوونیان لە لەش:-
A-ئالۆزە B-رژێنی پرۆستات C-جووت رژێنی کۆپەر D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن
32. بە پشت بەستن بەم مۆدێلە کە گەردی DNA لە ماوەی دووهێندبووندا دیاریدەکات،




وەڵامی ڕاست لە خشتەی خوارەوە هەڵبژێرە:-

| | 1 | 2 | 3 |
|---|---|---|---|
| A | ئەنزیمی پەلەڕەی DNA | ئەنزیمی هیلیکێز | ئەنزیمی پەلەڕەی DNA |
| B | ئەنزیمی بەستەری DNA | ئەنزیمی پەلەڕەی DNA | ئەنزیمی هیلیکێز |
| C | ئەنزیمی هیلیکێز | ئەنزیمی پەلەڕەی DNA | ئەنزیمی بەستەری DNA |
| D | ئەنزیمی هیلیکێز | ئەنزیمی پەلەڕەی DNA | ئەنزیمی هیلیکێز |

33.کام لەمانە لە فرمانی چیکڵدانەخانەکانە ؟ A-خۆراك بە هێلکە دەدەن B-هۆرمۆنی ئیسترۆجین دەردەدەن
C-هانی گەشەی لوولەکانی خوێن دەدەن لەناو پۆشی منداڵدانندا D-( B +A ) هەردووکیان راستن
34.ریزبەندی تەواو بۆ ڕووداوەکانی گەشە و پەرەسەندنی کۆرپەلە لە ماوەی قۆناغەکانی سکپڕیدا دیاری بکە :
( 1- لەشی کۆرپەلە دەتوانێت پارێزگاری لە پلەی گەرمی چەسپاوی خۆی بکات ،2-ئێسکە پەیکەر دەست بە دروستبوون دەکات،3- پە نجەکان دروست دەبن،4- وێلاش دەست دەکات بە دروستبوون ،5-دوو چاوو دوو گوێ دروست دەبن،6-دەماخ و درکە پەتك دەست بە دروستبوون دەکەن )
A-6، 2 ، 3 ، 4 ، 5 ، 1 B-4، 1 ، 5 ، 6 ، 3 ، 2 C-4، 6 ، 5 ، 3 ، 2 ، 1 D-6، 4 ، 3 ، 5 ، 1 ، 2
35.لە کام لەم لێکدانانەی خوارەوە پێشبینی دەکرێت کە وەچەکانیان 25% یەك ڕەگ وزاڵ بن و 25% یەك ڕەگ وبەزیو بن ؟
A-تاکەدووڕەگبوون ( دووڕەگ × دوو ڕەگ ) B-جووتە دووڕەگبوون ( یەکرەگ و بەزیو( بۆ هەردوو سیفەت ) × دووڕەگ( بۆ هەردوو سیفەت )
C-تاکە دووڕەگبوون ( یەك ڕەگ و زاڵ × دووڕەگ ) D-جووتەدووڕەگبوون ( دووڕەگ( بۆ هەردوو سیفەت ) × دووڕەگ( بۆ هەردوو سیفەت )
36.ئەگەر لێکدانێك لە نێوان کەروێشکێکی موو ڕەشی بۆماوە بابەت نادیار لە گەڵ کەروێشکێکی موو قاوەیی ئە نجامبدرێت، کام لە مانە پێشبینی دەکرێت روخسارە بابەتی وەچەکان بنوێنێت؟
A-100% موو قاوەیی دەبن B-یان 100% موو ڕەش دەبن یان 50%.موو ڕەش و 50%.موو قاوەیی دەبن
C-100% موو ڕەش دەبن D-یان 100% موو قاوەیی دەبن یان 50%.موو ڕەش و 50%.موو قاوەیی دەبن
37.لە مرۆڤدا سێ ئەلیل دەستدەگرن بەسەر :- A-سیستەمی ریسی ( Rh ) B-کۆمەڵەکانی خوێن ABO
C-سێ کۆمەڵەکەی خوێنی مرۆڤ M,N,MN D-( C +A ) هەردووکیان راستن
38.کام لەمانە لە تایبە تمەندییەکانی نیشانەی کۆتایی هاتنە؟
A-کۆتایی وەرگێڕانی بۆهێلێکی دیاریکراو دیاریدەکات B-ریزبەندییەکی دیاریکراوی نیوکلیۆتایدەکانی DNA یە
C-ئەنزیمی پەلەرەی DNA ی پێوە بەند دەبێت D-( B +A ) هەردووکیان راستن
39.رووی لەیەکچوون لە نێوان ڕەنگ کوێری و شێوازەکانی سەر رووتانەوە ئەوەیە کە : A-هەردووکیان ئاسایی سیفەتی بە توخم بەستراون
B-لە هەردووکیاندا لەوانەیە نێرەو مێیە روخسارەبابەتی جیاوازیان هەبێت تەنانەت ئەگەر هەمان بۆماوە بابەتیشیان هەبێت
C- هەردووکیان لە نێرەدا زیاتر دەردەکەون بە بەراورد لەگەڵ مێیەدا D- هەردووکیان ئاسایی لەشەسیفەتن

40.ئەو کەسەی تووشی نەخۆشی فینیل کیتۆنیۆریا( PKU ) ی بۆماوەیی دەبێت ئەو ئەنزیمەی نییە کە ترشی ئەمینی :-
A-فینیل ئەلانین دەگۆڕێت بۆ ترشی ئەمینی لیوسین B-تایرۆسین دەگۆڕێت بۆ ترشی ئەمینی فینیل ئەلانین
C-فینیل ئەلانین دەگۆڕێت بۆ ترشی ئەمینی تایرۆسین D-لیوسین دەگۆڕێت بۆ ترشی ئەمینی فینیل ئەلانین


41.کاتێك پیتێن ڕوونادات،ئەو هێلکەیەی کە شیدەبێتەوە و لەگەڵ ناوپۆشە ئەستوورەکەی منداڵدان لە ڕێگەی زێ لە سووڕی مانگانەدا دەکرێتە دەرەوە:- A-لە قۆناغی ئامادەیی دابەشبوونی یەکەمی کەمە دابەشبووندایە B-خانەیەکی تاك کۆمەڵە کرۆمۆسۆمییە
C-دابەشبوونی دووەمی کەمە دابەشبوونی تەواوکردووە D-خانەیەکی جووت کۆمەڵە کرۆمۆسۆمییە

42.لەتاقیکردنەوەکانی ئاڤریدا کام لەم ئەنزیمانەی خوارەوە نەیهێشت گۆڕان ڕووبدات ؟ئەنزیمی:-
A-هەڵوەشێنەری DNA B-هەڵوەشێنەری پرۆتین C-هەڵوەشێنەری RNA D-هەڵوەشێنەری RNA و هەڵوەشێنەری پرۆتین

43.یەکێك لەمانە لەجیاکەرەوەکانی کۆدۆنە : A-کۆدۆنی دەستپێك و کۆدۆنەکانی وەستان ترشە ئەمینییەکان دیاریناکەن
B-یەك کۆدۆن زیاتر لە یەك ترشی ئەمینی دیاریدەکات C-کۆدۆنەکان زۆر جار لە جۆری شەکر لەگەڵ یەکدا جیاوازن
D-هەندێك لە ترشە ئەمینییەکان بە هۆی دوو کۆدۆنی جیاواز یان زیاتر دیاری دەکرێن

44.ئەنزیمی کەرتکەر پێویستە بۆ دەستکەوتنی :-
A-جێبە نجەی DNA B-پلازمیدەکان C-DNA ی دووبارە پێکهاتوو D-( C , A ) هەردووکیان ڕاستن


45.بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر کە پێکهاتەی نیوکلیوتایدێك دیاردەخات، کام لەمانە ئەو تفتەنایترۆجینیە دەنوێنێت کە بە ڕەنوسی 1 ئاماژەی پێکراوە:-




A-سایتۆسین
B-ئەدینین
C-ثایمین
D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

46.لەتەکنیکی جیاکردنەوەی کارەبایی جەلاتینی دا :-
A-درێژترین پارچەی DNA ی بارگە نێگەتیڤ نزیکتر دەبێت لە جەمسەری پۆزەتیڤی جەلاتینەکەوە
B-کورتترین پارچەی DNA ی بارگە نێگەتیڤ نزیکتر دەبێت لە جەمسەری پۆزەتیڤی جەلاتینەکەوە
C-کورتترین پارچەی DNA ی بارگە پۆزەتیڤ نزیکتر دەبێت لە جەمسەری نێگەتیڤی جەلاتینەکەوە
D-درێژترین پارچەی DNA ی بارگە پۆزەتیڤ نزیکتر دەبێت لە جەمسەری نێگەتیڤی جەلاتینەکەوە

47.بە پشت بەستن بەم تۆماری ڕەچەڵەکی بەرامبەر کە تاکێکی تووشبوو بە نەخۆشی خوێنبەربوون ( هیمۆفیلیا ) دەردەخات، کام تاکیان پێویستە هەڵگر بێت؟




A- 4 , 1
B- 4 , 3
C-تەنها 3
D- تەنها 4

48.لە ڕووەکی پۆلکەدا ڕوخساری گوڵ تەوەرەیی ( A ) زاڵە بەسەر ڕوخساری گوڵ لوتکەیی ( a ) وە ڕوخساری کەلوو هەڵئاوساو ( I ) زاڵە بەسەر ڕوخساری کەلوو کەمەرەیەکهاتوو ( i ) ،زانایەك لێکدانێکی بەجێهێنا لە نێوان دوو ڕووەکی پۆلکەی بۆماوەبابەت نادیار ئەم ڕێژەیان لێ پەیدابوو ( 3 ڕووەکی گوڵ تەوەرەیی کەلوو هەڵئاوساو: 3 ڕووەکی گوڵ تەوەرەیی کەلوو کەمەرەیەکهاتوو : 1 ڕووەکی گوڵ لوتکەیی کەلوو هەڵئاوساو : 1ڕووەکی گوڵ لوتکەیی کەلووکەمەرەیەکهاتوو ) ئەوا کام لەمانە بۆماوە بابەتی هەردوو ڕووەکە نادیارەکە دەنوێنێت ؟
A- Aali × aali B- Aali × aaii C- Aali × Aaii D- Aali × Aali

49.ئەگەر بزانیت ڕێژەی پەڕینەوە لە نێوان هەردوو بۆهێڵی Y , Z دەگاتە 15% وە ڕێژەی پەڕینەوە لە نێوان هەردوو بۆهێڵی X , Z دەگاتە 10% وە ڕێژەی پەڕینەوە لە نێوان هەردوو بۆهێڵی W , Z دەگاتە 6% وە هەردوو بۆهێڵی W , X دەکەونە نێوان هەردوو بۆهێڵی Y , Z،کام لەمانەی خوارەوە کەمترین ئەگەریان هەیە بۆ ڕوودانی پەڕینەوە؟ A- X , Y B- W , X C- Y , Z D- W , Z

50. بە پشت بەستن بە بەشێکی ئەو بۆماوە پەڕڵەیەی کە لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە کام لەم گەردانەی tRNA خوارەوە بەشدار نییە لە دروستکردنی ئەم فرە پیپتیدە ( لیوسین، سیستین، ئەرگنین )

| لیوسین | سیستین | ئەرگنین |
|---|---|---|
| CUU<br>CUC<br>CUA<br>CUG | UGU<br>UGC | AGA<br>AGG |

